# دواجار هەڵبژاردن کرا:

# ئەی ئێستا چی؟*

بورهان أ. یاسین

٢٠١٨/١٢/٢٧

## ناوەڕۆکی باس

پێشەکی ------------------------------------------------------------- ٣
چەند خاڵێکی لێوە دەرچوون و هەندێ کێشە ----------------- ٦
پرسی بەشداریکردن یا نەکردن لە حکومەت ------------------ ٨
بزاڤی گۆڕان لەنێوان کەوتن و هەڵسانەوە ------------------- ١٤
هەندێ پرسی دیکە و دەرەنجام ------------------------------- ١٥

## پێشەکی

لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی سیپتێمبەری ئەم ساڵ جارێکی دیکە هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستانی کەوتنە بەردەم هەنگاوەکانی دوای هەڵبژاردن، واتە دروستکردنی حکومەتی نوێ لەسەر بنچینەی دەرەنجامەکان. پرسیارە سەرەکیەکەش، هەروەک لە هەڵبژاردنەکانی پێشوتردا، ئەوەن ئایا کێ ئەم حکومەتە دروست دەکات وە کێ و کام لایەن بەشداری تیادا دەکەن.

جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو: ١) ئەم جارەیان بە شێوەیەکی بەرچاو ژمارەی کوردسییەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان هەڵکشاون، بە شێوەیەک کە هاوسەنگی هێز، هەر نەبێ لە رووی ژمارەی کورسی پەرلەمانییەوە، لە بەرژەوەندی ئەم حزبەدا گۆڕاوە، تەنانەت گۆڕانێکی بنەڕەتی و مەترسیداریش؛ ٢) لەوە ناچێ ئەم جارەیان، جیاواز لە جارانی پێشوو، رێککەوتنی پارتی و یەکێتی لە سەر شیوازی حکومەت ئاسان بێت؛ ٣) کەمبوونەوەی کورسییەکانی گۆڕان بۆ نیوە (بە بەروارد لەگە ٢٠٠٩ و ٢٠١٣)، کاریگەری فرەڕەهەندی لەسەر پرۆسەی دروستکردنی حکومەت و پرۆسەی سیاسی دەبێت.

تا ئێستا لە ماوەی ٢٧ ساڵدا، واتە لە یەکەم هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە (لە ساڵی ١٩٩٢) هاوکێشە سیاسییەکانی دوای هەڵبژاردن بە سێ شیواز دەرکەوتوون: ١) لە ١٩٩٢ تا ٢٠٠٩ پارتی و یەکێتی، کەم یا زۆر هەر یەکەیان نیوەی دەنگەکانی دەنگدەرانیان بەدەست ئەهێنا، جا راست یا لە رێگای فرتوفێڵ! ٢) بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩دا بە شێوەیەکی بەرچاو قاڵبی پەنجا بە پەنجا تێکشکا و فۆرمی سێگۆشەیەکی دابەشبوونی هێز لە نێوان سێ هێزی سیاسی سەرەکی هاتە کایەوە، واتە پارتی، یەکێتی و گۆڕان، هەڵبەتە جگە لە هێزەکانی تر کە لەگەڵ ئەم سێ گۆشەیەدا پانۆڕاما سیاسییەکەیان تەواو دەکر؛ ٣) لە قۆناغی سێهەمیشدا، واتە لە هەڵبژاردنەکانی هەرە دواییدا (٢٠١٨/٩/٣٠) جارێکی دیکە پارتی بەرەو نزیکەی پەنجا لە سەد هەڵکشا، کە گومانی تیا نییە ئەم هەڵکشانە، جگە لە دزی و گزی، هی باڵا دەستی پارتییە لە دەسەڵاتدا لە بادینان و هەولێر و بەکاربردنی ئەم دەسەڵاتەیە وەک دوانەی **ترس و تەماح**. دەرهاوێشتەیەکی تری هەڵبژاردنی ئەم جارەیان شکستی گەورەی بزاڤی گۆڕان بوو. ئەگەر چی ئەم بزاڤە وەک هێزی سێهەم ماوەتەوە بەڵام گومانی تیا نییە پێگەکەی زۆر بێهێز بووە بەراورد بە دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانیی پێشتر (٢٠٠٩ و ٢٠١٣).

هەڵکشانی ژمارەی کورسییەکانی پارتی بەم شێوەیە، بە گشتی چاوەڕوانکراو بوو.
لە وتارێکمدا کە پێش دوو هەفتە لە هەڵبژاردنەکانی ٩/٣٠ بڵاوبۆتەوە نووسیومە "*ئەم دەنگدانە بە ئەگەری زۆر چارەنووسی ئەم ئەزموونە یەکلادەکاتەوە، واتە ئەمە دەنگدانە لەسەر دوارۆژی کۆی ئەزموونەکە. کەواتە ئاسانە بڵێین کە ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە دوو دانە دەنگدان لە یەک کاتدا: دەنگدانێک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ، بەڵام گرنگتریش لەوە دەنگدانێکیش بۆ دیاریکردنی چارەنووسی تەواوی ئەزموونی باشووری کوردستان.*"
*هەروەها نوسیوومە "ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەم جارەیان کاری پەرلەمان یەکلاکەرەوە دەبێت لە زۆر دۆسیەدا، یا راستتر بڵێین ئەم جارەیان خولی یەکلاکردنەوەی هەندێک مەسەلەی یەکجار گرنگ و چارەنووسساز لە ناو پەرلەماندا دەبێت، هەر وەک بۆ نموونە مەسەلەی سیستمی سیاسی، سەرۆکایەتی هەرێم وە دەستورێک بۆ هەرێم. . . ئەگەر یەکێتی و پارتی (بە تایبەتی پارتی) بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە دەنگی زۆر بەدەست بهێنن ئەوا مانای وایە ئێمە بەرەو ئەو وێستگەیە مەترسیدارە دەڕۆین کە تیایدا ئەم بابەتانە بە حەز و ویستی ئەم دوو هێزە، وە بە تایبەتی پارتی، یەکلا بکرێنەوە. . . ئەم مەترسیە یەکجار جددی و گەورەیە؛ لە راستیدا هەر لە ئێستاوە ئاماژەی ئەوە هەن کە پارتی نەک هەر چاوی لەوەیە کە ژمارەی کورسییەکانی بپارێزێ بەڵکو تەنانەت بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ئەم ژمارەیە زیاد بکات (تەنانەت هەندێک جار باسی ئەوەش دەکرێ کە پارتی چاوی لە ٥١%ی کورسیەکان)ە، رێک بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی پرسی دەستور و سیستمی سیاسی و سەرۆکایەتی هەرێم: **کەواتە ئەوەی تا ئێستا بۆ ئەو حزبە نەچۆتە سەر لەم خولەدا بە ئاسانی بیباتە سەر!***"[١]

لە راستیدا هەر زوو دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان، تەنانەت بەر لە دروستبوونی حکومەتی نوێش، کە هێشتان چاوەڕوان دەکرێ دروستبکرێ، ئاماژەکانی ئەم پێشوەچوونە مەترسیدارە دەرکەوتون. ئەوەتا هەر زوو وەک "**شتێکی بەڵگەنەویست**" پارتی پێگەی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆک وەزیرانی بۆ خۆی یەکلاکردۆتەوە و باسیش لەوە دەکات کە پێویستە هەرێم لەم خولەدا ببێ بە خاوەن دەستورێکی "بە هێز" و . . . هتد.

بە هەڵسەنگاندنێکی بە پەلەی پێدراوە سیاسییەکان، بە جوانی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوەی ساڵانێکە پارتی خەونی پێوە دەبینێ و هەوڵی بۆ دەدا، واتە خواستی ئەوەی کە

ببێته حزبی "پێشڕەو" (یا وەک لە ئەدەبیاتی رژێمی بەعس دەوترا "حزبی قائید") و حزبی یەکلاکەرەوە لە پرسە هەرە هەستایرەکاندا، ئاشکرا دەردەکەوێ کە ئەمە ئیتر لە خەون و خواستی سیاسی ئەم حزبە دەرچووە و خەریکە دەبێ بە راستییێکی حاشاهەڵنەگر.

ئەم پێشوەچوونە هەڕەشەیەکی جددیەیە بۆ سەر ئەزمونی باشووری کوردستان، چونکە گەر ئەو حزبە لە خولی پێشتری پەرلەمان (٢٠١٣-٢٠١٨) بە ٣٨ کورسییەوە توانیبێتی خاوەنی ئەو هەموو دەسەڵاتە بێت وە، هەر بۆ نموونە، بێباکانە و بە بڕیاری مەکتەبی سیاسییەکەی پەرلەمان پەک بخات ئەوا ئەم حزبە بە ئەگەری زۆر بە ٤٥ کورسییەوە دەتوانێ کاریگەری یەکلاکەرەوەی هەبێ، لە بەرژەوەندی خۆی و گروپ و بنەماڵەیەکی دیاریکراودا! بە واتایەکی دیکە ئەزموونی سیاسی باشوری کوردستان روو لە سیستمی سیاسی، پەیوەندییەکان لەگەل بەغدا و لە ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا ئەمڕۆ (دوای هەڵبژاردنەکای ٩/٣٠) لە پێشان زۆر زێتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری یەکلاکەرەوەی ئەو حزبە، واتە پارتی! بە واتایەکی دیکە، لەم خولەی پەرلەماندا باشووری کوردستان وەک ئەزموونی سیاسی، وەک خەڵک و وەک قەزیەیەکی سیاسی دەبێتە بارمتە لە دەست پارتی دیمۆکراتی کوردستاندا[٢]، ئەوە هەڵبەتە لە حاڵەتی نەبوونی هێزێکی پڕ توانا کە بە پێداگرییەوە بە پارتی بڵێ نا.

لە ئیستادا ئەو هێزە نابینرێ کە لە مەیدانی سیاسی باشووری کوردستاندا پێ داگرێ بەرامبەر بە پارتی و پێی بڵێ نا! لە لایەکی ترەوە لە ناو خەڵکدا بۆچوونێکی بەرفراوان هەیە کە دەخوازێ بڵێ روانگەی سیاسی ئەمڕۆی باشووری کوردستان پێویستیی بە یەکهەڵوێستی هەموو هێزەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی هەیە. بەڵام لە ئیستادا، لەگەڵ ئەم خواستە جەماوەرییەشدا، ئەم یەکهەڵوێستییە پێشبینی ناکرێ، ئەمەش بۆ پارتی شتێکی دڵخۆشکەرە.

ئامانج لەم وتارەی بەردەست ئەوە نییە کە هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر بۆ دەرهاوێشتەی هەڵبژاردنەکان بکەم، بەڵکو مەبەست زیاتر ئەوەیە تیشک بخەمە سەر هەندێک لایەنی دیاریکراو بە تایبەتی جێگە و پێگەی بزاڤی گۆڕان و بژاردەکانی بەردەمی، لەمەڕ مەسەلەی بەشداریکردن یا نەکردن لە حکومەتدا. نەک هەر ئەوە، بەڵکو لەم وتارەدا هەوڵی ئەوەش دەدەم پێگەی سیاسی بزاڤی گۆڕان روو لە بژاردە سیاسییەکان ببەستمەوە بە ئەو حاڵەتەی کە گۆڕان لە ناوخۆی خۆیدا پێیدا تێپەڕ دەبێت. . . لە راستیدا

تەنانەت پێش هەڵبژاردنەکانی ٩/٣٠ش لەو باوەڕەدا بووم کە کێشەی گۆڕان ئەوە نییە کە ئایا بەرنامەی هەڵبژاردنی ئەم بزاڤە چەند باشە یا نا بۆ ئەوەی بتوانێ بەشێکی شایستە لە دەنگەکانی خەڵکی کوردستان بە دەست بهێنێ، بەڵکو تا چ رادەیەک ئەم بزاڤە دەتوانێ هێمایەکی راستگۆیانە بدات بە خەڵک، بە تایبەتی لایەنگرانی خۆی، لە مەسەلەی چاکسازییێکی بنەڕەتی و فراوان لە ناو خودی گۆڕاندا، کە ماوەیەکی زۆرە زەرورەتی ئەم جۆرە چاکسازییە دەرکەوتووە. دەکرێ ئەم بۆچوونەش لە سێ خاڵدا کۆبکرێتەوە: ١) نەک هەر مەسەلەی بەشداریکردن یا نەکردن لە حکومەت، بەڵکو تەنانەت هەڵوێستە لە تەواوی پرۆسەی سیاسی، وەک خوێن و گۆشت تێکەڵاوە بە مەسەلەی چاکسازی لە ناو خودی بزووتنەوەی گۆڕاندا. لە راستیدا دەمێکیشە ئەم حاڵەتە هاتۆتە پێش. هەر یەکێکیش لەم دوو رەگەزە دەتوانێ کێشە و ئاڵنگاری بێت بۆ ئەوەی تریان یا بە پێچەوانەوە سەرچاوەی هێز بێت بۆی. . . لەبەر ئەوە لەم چەند دێڕەدا نەک هەر جیاکاری ناکەم لە نێوان ئەم دوو بابەتەدا، بەڵکو بە پێویست لەسەر هەدووکیان، وەک دوانەیەک کە لە پەیوەندییێکی ئۆرگانیکی دان لەگەڵ یەکتردا، دەدوێم. ئەم شێوازە لە تێڕامانیش گریمانەی سەرەکی ئەم وتارەی بەردەستە؛ ٢) لەم وتارەدا، رای خۆم لەسەر پرسی "کارنامەی حکومەت" (یا راستتر بڵێین چی باشە کە لە ناو ئەم کارنامەیە جێگای بکرێتەوە یا نا) دەرنابڕم، چونکە هیچ بڕوایەکم بە بەشداری گۆڕان لە حکومەتدا نییە و بڕواشم بە کارنامەی حکومەتێک نییە کە ئەندازیارەکەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بێت؛ ٣) لەو شتانەی کە تا ئێستا گوتراون، لەوە دەچێ کە ئیتر لە ناو سەرکردایەتی گۆڕاندا بڕاردەی چوونە ناو حکومەتی زۆر بەهێز بێت، تا رادەی یەکلابوونەوە. ئەوەی کە ماوەتەوە بڕیار نییە لەم بارەیەوە بەڵکو بەرجەستەکردنی بڕیارێکە کە لەوەدەچێ پێشتر، کەم یا زۆر، درابێ.

## چەند خاڵێکی لێوە دەرچوون و هەندێ کێشە

١) ئەو بارودۆخەی کە ئێستا باشووری کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبن بە هەندێک جوانکرای، چاکسازی رووکەش یا رتوش چارەسەر نابێ. ئەوەی پێویستە شۆک تێراپی (shock therapy)یە[٣]، یا تۆ بڵێ هەڵتەکاندنی بنەڕەتییە لە ئاستی سیستم و دەسەڵات لە باشووری کوردستان؛

٢) بزاڤی گۆڕان، لە هەڵسوکەوت و هەنگاوەکانیدا، بە تایبەتی پەیوەندیدار بە مەسەلەی چوون یا نەچوونە ناو حکومەتەوە، تا رادەیەکی زۆر ئەسیری کار و کاردانەوەیە بەرامبەر بە یەکێتی نیشتمانی. ئەمەش زیانبەخشە و بەلاڕێدابردن و بچووکردنەوەی گۆڕانی لێدەکەوێتەوە. . . بە هەر حاڵ، بەشداری لە حکومەتدا لە رۆشنایی یا لە ژێر کاریگەری باری دەرونی ململانێ لەگەڵ یەکێتی و کار و کاردانەوە لەگەڵیدا وا دەکات کە ئامانجە سەرەکیەکان نەپێکرێن، یا ئەو ئامانجانە گرنگیی پلە دوو وەربگرن؛

٣) کێشەکانی بزاڤی گۆڕان دوای کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا دەست پێ ناکەن، کەچی راستە کە بە تایبەتی دوای ئەو رووداوە ئەو گرفتانە زێتر دەرکەوتوون و چڕدەبوونەتەوە. . . زۆرێک لەو کێشانە **بوونیادین** و پەیوەندییان بە یەکلابوونەوەی گۆڕان هەیە لە رووی **ناسنامە** و **ستراتیژی** خۆیەوە، کە هەردووکیشیان (واتە ناسنامە و ستراتیژ) لەگەڵ یەکتر بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی لە پەیوەندیدان، هەر یەکێکیشیان چەند رەهەندێک لەخۆ دەگرێ. . . زۆر بە تایبەتی پرسی ئەوەی کە ئایا گۆڕان، هەر لە سەرەتاوە، بە چ "**زەخیرەیەکی کۆمەڵایەتی**" و **جیهانبینییەکەوە** هاتە مەیدان و دەستی بە کار و چالاکییەکانی کرد. . . (هەر بۆ بیرهێنانەوە، بەندە زۆرێکم لەو پرسانە، کە من پێم وابوو گۆڕان لە داهاتوودا بەرەوڕوویان دەبێتە، لە بابەتێکدا بە ناوەی *هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ و ...*، کە لە ساڵی ٢٠٠٩دا بڵاوبۆتەوە، باسم کردووە)؛

٤) دوور لە هەموو وردەکارییێک و بەبێ رۆچوون لە بنج و بنەوانی شتەکان، دەتوانین بڵێین کە هەر لە سەرەتاوە، بەڵام بە تایبەتی لە ماوەی دواییدا، بزاڤی گۆڕان کەوتۆتە بەردەم دوو رێگا/بژاردە، هەردوو بژاردەکەش دەربارەی دوو بابەتن (ناوخۆیی گۆڕان لە لایەک وە هەڵوێستە لە تەواوی پرسی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەکی دیکەوە). وەستانەوە لە رووی ئەم دوو ریانەش دەکرێ بە پرسیار بیخەینە روو: ١) ئایا گۆڕان دەبێتەوە حزبێکی "نۆرماڵ" و کلاسیکی و بەمەش، لە جیهانبینی و شێوازی رێکخراوەیی و هەڵوێستە لە پرسە سیاسییە هەرە گرنگەکان، دەچێتە ریزی حزبە "کلاسیکییەکانی" ترەوە، یا ٢) وەک هێزێکی جیاواز (موتەمەییز)، واتە لە هەموو ئاست و بابەتەکانەدا، وەک ژمارەیەکی "جیاواز" دەمێنێتە. . .

ئێستا قۆناغی تاقیکردنەوەیەکی سەختە بۆ گۆڕان وە ناوەڕۆکی تاقیکردنەوەکەش لە شێوازی هەڵسوکەوت و مامەڵەی گۆڕان لەگەڵ **دوانەی باری ناوخۆی خۆی لە لایەک وە**

**هەڵوێستەی داهاتووی لە دەسەڵات دەردەکەوێ**، کە هەر وەک پێشتر وترا دوو پێکهاتەی ئەم دوانەیە، لەیەکتر جیا ناکرێنەوە. . .

## پرسی بەشداریکردن یا نەکردن لە حکومەت

هەر لە سەرەتادا لە هەڵوێستی گۆڕان لە پێکهێنانی حکومەت باسی سێ بژاردە (١- بایکۆتکردنی بە تەواوەتی پرۆسەی سیاسی؛ ٢- ئۆپۆزیسیۆن بوون؛ یا ٣- بەشداری لە حکومەت) کراوە. بەڵام بە بۆچوونی خۆم پێویست بوو باسی بژاردەی چوارەمیش بکرێ ئەویش ئۆپۆزیسیۆنبوونە شانبەشانی پاڵپشتیکردنی نارەزاییەتەکانی خەڵک و وەستانەوە لەگەڵ نارەزاییەکانی خەڵک لە هەر جوڵەیەکی جەماوەریی مەدەنیدا.

ئەوەی دەمەوێ لە بژاردەی چوارەمدا بیڵێم ئەوەیە کە ١٢ کورسی پەرلەمانی بەشی ئەوە ناکات بۆ ئەوەی فشارێکی جددی بخەیتە سەر دەسەڵاتی پارتی بەڵکو ئامرازێکی فشارت بە دەستەوە بێت بۆ ئەوەی ١) دەسەڵات حسێبت بۆ بکات و ٢) لە جەماوەریش دانەبڕێیت.

لێردا دەمەوێ بە شێوازی خاڵبەندی بۆچوونی خۆم لە مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت و هەڵوێستی بزاڤی گۆڕان لەم پرسە بە چەند خاڵێکدا بخەمە روو:

**یەکەم: ئەزموونی چوار ساڵی پێشو.** . . هەموومان دەتوانین، هەڵبەتە بە هەندێک جیاوازییەوە، کۆک بین لەسەر ئەوەی کە ئەزموونی بەشداری گۆڕان لە حکومەتدا لە چوار/پێنج ساڵی رابردوودا سەرکەوتوو نەبوو. بەبێ ئەوەی شێلگیرانە بەرگریمان لە سیاسەتەکانی گۆڕان لەو پەیوەستەدا کردبێ، دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە زهنیەت و عەقڵیەتی پارتی لە حوکمرانی و جیهانبینییە سیاسییەکانیدا بەرپرسێکی سەرەکی بوو لەوەی کە روویدا. . . لە لایەکی دیکەوە دەکرێ گۆران لە وردەکارییەکاندا کراوە بێ بۆ رەخنە لەخۆگرتن لەوەی کە ئایا تا چ رادەیەک وە چۆن دەکرا ئەو بزووتنەوەیە بە شێوازێکی تر هەڵسوکەوت بکات بۆ ئەوەی هەندێ شت روونەدا کە روویاندا. رەخنەکە کە گۆڕان لە خۆی دەگرێ هەر چی دەبێت با ببێت، بەڵام دیسان دەرەنجامەکە زۆر شت لە سروشتی کێشە بونیادی و بنچینەییەکان ناگۆڕێ، کە ئەویش بە پلەی یەکەم جیهانبینی پارتی دیمۆکراتی کوردستانە لە مەسەلەیەکی بنچینەییدا ئەویش ئەوەیە کە لە کەلتوری سیاسی ئەم حزبەدا، جا لە شاخ بێ یا لە شار: ١) ئەم حزبە باڵادەستی ئەوانی دیکە، بە

هیچ شیوەیەک، قەبووڵ ناکات، هەر لەم چوارچێوەیەدا پارتی بۆ نموونە ناتوانێ لە هیچ بارێکدا پێگەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ خۆی بوون قەبووڵ بکات؛ ٢) ئەگەر ئەم حزبە کەمایەتیش بێت هەر دەبێ ئەو فەرمانڕەوایی بکات وەک ئەوەی کە **خۆی زۆرینە بێت**، واتە **کەمینە بەڵام لە حوکمڕانیدا لە پێگەی زۆرینەدا**؛ ٣) پارتی بەردەوام، لە فەزای سیاسی گشتیدا، وا خۆی دیوە و هەر بە پێی ئەم "لۆژیکەش"، چ لە شاخ و چ لە شاردا، مامەڵەی لەگەڵ ئەوانی تردا کردووە: ئەم لۆژیکە دەخوازێ بڵێ "**یا دەبێ یارییەکە لە ژێر رکێف و کۆنترۆڵی خۆمدا بێ یا ئەوەتا سەروبەری یارییەکە تێک دەدەم**". (ئەوەتا پارتی لە کاتێکدا لە کەرکوک یارییەکە تێک دەدات بە بیانۆی ئەوەی کە ئەو شارە داگیرکراوە، چونکە لەوێ کەمایەتییە، کەچی دەچێ لە بەغدا **هەر لای حکومەتە داگیرکارەکە** شەڕ لەسەر پۆستی سەرۆک کۆماری و پۆستەکانی دیکە دەکات، وە وەزیری داراییەکەی لە بەغدا بودجەی هێزی داگیرکار (واتە جەیشی شەعبی) لە بودجەی عێراقدا زیاد دەکات!) ئەمەش کرۆکی لۆژیکی پارتی ئاشکرا دەکات لە مەڕ مامەڵەی ئەو حزبە لەگەڵ پرسی هاوسەنگی هێز، کە تیایدا ئەم حزبە **ناخوازی تاڵی کەمایەتیبوون بچێژێ**.

پێوەر ئەوە نییە کە ئایا پارتی چەند کورسی هەیە و بەم شێوەیەش پێگەی ئەم حزبە لە هاوکێشەی سیاسیدا چەندە و بەم پێیەش بەشی خۆی و بەشی ئەوانی دیکە لە دەسەڵاتدا **چۆن و چەندە**، بەڵکو **خۆسەپاندنە**، جا بە هەر ئامرازێک دەبێت با ببێت! لەسەر بنچینەی ئەم "لۆژیکە" ئایا چی لەم زهنیەت و جیهانبینییەی پارتی گۆڕاوە بۆ ئەوەی ئەوانی تر "ئەم جارەش" حکومەت لەگەڵ ئەم حزبەدا بە رادەیەک لە دڵنیایی و متمانەوە پێک بهێنن؛

**دووەم: هاوسەنگیی هێز. . .** پەیوەندیدار بە، وە بیناکراو لەسەر، خاڵی یەکەم لە سەرەوە، پێویستە ئەوە بڵێین کە لە سەرەتای ئەزموونی چوار/پێنج ساڵی رابردوودا گۆڕان بە پێگەیەکی زۆر بەهێزترەوە لە ئێستا وە بە پێچەوانەشەوە پارتی بە پێگەیەکی لاوازترەوە لە ئێستا حکومەتیان پێک هێنا، لەگەڵ ئەوەشدا دواتر پارتی "یارییەکەی" تێک دا. ئەو کاتە لە لایەکەوە گۆڕان بە ٢٤ کورسییەوە، بە پێگەی سەرۆکی پەرلەمانەوە، بە بوونی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفاوە و. . . هتد، کەچی لە لایەکی ترەوە پارتی بە پێگەیەکی لاوازتر لە ئێستا (بە ٣٨ کورسییەوە) چوونە ناو حکومەتەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە چۆن کلیلی دەسەڵات لە دەست پارتیدا بوو و بەشدارەکانی تر بەردەوام "لە

ژێر ڕەحمەتی" بڕیاری پارتیدا بوون. . . جا لێرەدا پرسیارێکی زۆر گرنگ ئەوەیە ئایا ئەوە چییە کە وامان لێ دەکات کە باوەڕ بهێنین کە زهنیەت و جیهانبینی پارتی ئەوندە گۆڕابێت بۆ ئەوەی، جیاواز لە ئەزموونی رابردوو، گۆڕان لە ئەزموونی چوونە ناو حکومەت لەم جارەدا سەرکەوتوو بێت؟

**سێهەم: کێشەکانی ناو ماڵباتی بارزانی**. . . بۆ جاری یەکەم خەریکە کێشەکانی ناو ماڵباتی بارزانی راشکاوانەتر دەردەکەون[٤]. بەو شێوازەی کە پارتی بیری لێ دەکاتەوە، جگە لە جێگیرکردنی باڵادەستی پارتی لە حکومەتی داهاتوودا، ئەم حزبە دەیەوێ لە ڕێگای شێوازی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە حکومەتی داهاتوودا کێشەکانی ناو بنەماڵەش چارەسەر بکات. ئێستا ئەم کێشانە گەیشتوونەتە ئاستێک کە ئیتر پەردەپۆشکردنیان ئەستەمە و پێویستی بە چارەسەر هەیە و لەوە دەچی کە ئیتر چارەسەرکردنەکەش دواخستن هەڵنەگرێ! بە واتایەکی دیکە، لە حکومەتی ئەم جارەدا جگە لە جێگیرکردنی بەهێزتری پێگەی خۆی لە تەواوی دەسەڵات و حوکمڕانیدا، پارتی خوازیارە ململانێکان لە ناو بنەماڵەدا بە شێوازی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و فەرمانڕەوایی بنەماڵە لەسەر بنەمایەکی نوێ رێک بخات، بە جۆرێک کە دەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیە نەک بۆ چوار ساڵی داهاتوو لە قاڵب بدرێ بەڵکو بۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژتریش. . . بەم واتایەش مامەڵەی پارتی لە داهاتودا لەگەڵ پرسی دەستوردا، زیتر لە هەموو کاتێک، پرسی رێکخستن و جێگیرکردنی بنەماڵە دەبێت تا هەر شتێکی دیکە. . . ئەگەر دەرەنجامەکانی ئەم گریمانەیەش لە داهاتودا وا دەرکەون، **کە بە باوەڕی من ئاماژەکانی هەر زوو دەرکەوتوون**[٥]، ئەوا هێزەکانی بەشداربوو لە حکومەتی داهاتوودا دەبنە بەشێک لە "گوناهێکی" مێژوویی، کە ئەویش جێگیرکردنی حوکمی بنەماڵەیە، جا بە شێوازی سیستمی پەرلەمانی بێت یا هەر شێوازێکی دیکە. دەکرێ پێچەوانەکەشی، واتە بەشداینەکردنی کارای هێزەکانی تر، ببێتە رێگرێک لە پلان ( یا تۆ بڵێ پیلان)ەکانی پارتی لە جێگیرکردنی حوکمی بنەماڵە. . . لە راستیدا نەک هەر ئەوە، بەڵکو تەنانەت دەکرێ بەشدارینەکردن و دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت ببێتە هۆی تەقینەوەی ململانێکانی نێو بنەماڵە؛

**چوارەم: نەوت**. . . لەوەدەچێ دۆسیەی نەوت کۆڵەگەیەکی سەرەکی کارنامەی بزاڤی گۆڕان بۆ چوونە ناو حکومەت پێک بهێنێ! لێرەدا بە راشکاوی جەختدەکەمەوە کە تا ئێستا تا چەند ئەستەم بووبێت چاکسازی لەم دۆسیەیەدا بکرێ، ئەوا لە حکومەتی

داهاتوودا ئەوەندەی تر ئاستەمتر دەبێت. بە ڕاشکاوی: من باوەڕ ناکەم نێچیرڤان بە ئاسانی دەستبەرداری ئەم مەلەفە بیت بۆ ئامۆزاکەی، تەنانەت من پیم وایە ئەو (واتە نێچیرڤان) بەو مەرجە پێگەی سەرۆکی هەرێم قەبووڵ دەکات کە مەلەفی نەوت (تەنانەت هەندێک مەلەفی تریش) لە دەستی خۆیدا **بمێنێتەوە**. دەرەنجام: مانەوەی مەلەفی نەوت لەدەست نێچیرڤان بارزانیدا مانەوەی هەموو ئەو کێشانەیە کە پەیوەندیدارن بەم مەلەفەوە، بە تایبەتی پەیوەندیدار بە کێشەکانی هەرێم و بەغدا، بە ناچارەسەرکراوی دەمێننەوە. جگە لەوەش ناڕوونییەکانی ئەم مەلەفە لە ئاستی ئیقلیمی و جیهانیدا نەک هەر وەک خۆیان، بەبێ چارەسەرکراوی، دەمێننەوە بەڵکو تەنانەت دەچنە ئاستێکی نوێی مەترسیداریشەوە.

کەواتە، ئەگەر کێشەی نەوت لە ڕابردوودا یەک جار ئاڵۆز بووبێت و چارەسەرەکەشی یەک جار ئەستەم بووبێت، ئەوا لەم خولەی پەرلەمان و حکومەتی داهاتودا کێشەکە دەها ئاڵۆزتر و چارەسەریشی ئەستەمتر دەبێت!

**پێنجەم: یەکبوونی هێزی پێشمەرگە**... بە پێی زانیارییە گشتییەکان یەکگرتنی هێزی پێشمەرگە یەکێک دەبێت لە خاڵەکانی "کارنامەی" پێشنیارکراوی گۆڕان بۆ حکومەتی داهاتو. بەڵام هەر زوو پێویستە ئەوە بڵێم کە لە پێشوودا ئەم یەکگرتنە چەندە وەهم و ئەستەم بوو، ئەوا لەم خولەی پەرلەماندا ئەوەندەی تر وەهم و ئەستەم دەبێت. بەهانەیەکی هەرە گرنگی ئەم بۆچوونەش ئەوەیە کە ڕادەی متمانە لە نێوان پارتی و یەکێتیدا لە ئێستادا نزیکە لە سفر وە بە ئەگەری زۆر ماوەیەکی زۆریشی پێ دەچێت تا متمانە دەگەڕێتەوە تاستی پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر، تەنانەت بۆ ئاستی پێش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریش. بەهانەیەکی تریش ئەوەیە کە لە دوای شکستی داعش "خەمخۆری" هێزە گەورەکان لە داهاتوودا بۆ مەسەلەی یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کەم دەبێتەوە. . .

بونیادنراو لەسەر ئەم بۆچوونەش، ڕەوا نییە گۆڕان یەکگرتنی هێزەکانی پێشمەرگە بخاتە ناو کارنامەوە، چونکە ئەوە هەر لە سەرەتادا دەبێتە ناڕاستگۆیی بەرامبەر دەنگدەرانی ئەم بزاڤە و خەڵکی کوردستان بە گشتی!؛

**شەشەم: کارنامە**. . . سەرەتا بۆچوونی گشتی ئەوەیە کە زۆربەی زۆری وڵاتە عەرەبییەکان، کە بە دەیان ساڵ ڕژێمی ستەمکار و دکتاتۆر تیایاندا باڵادەست بوون،

خاوەنی دەستوری جوان بوون، بەڵام ئایا بە کردار ئەم رژێمانە پەیڕەوی چ جۆرە کردار و رەفتارێکیان دەکرد بەرمابەر بە خەڵکی وڵاتەکانیان. ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە من پێم وانییە کارنامەی حکومەتی پێشو (کابینەی هەشتەم) جوان نەبوو وە پێشم وانییە نوقسانی لە روئیا و کارنامەی گۆڕاندا هەبوو (بەر لە چوونە ناو حکومەت و دوای پێکهێنانی حکومەتیش)، بەڵکو ئەوەی کورتی هێنا و کۆتایی بە بوونی گۆڕان لە حکومەتەکەدا هێنا **رەفتار و کرداری پارتی بوو دژ بەو کارنامانەیە**. . . نێچیرڤان بارزانی، هەر کەمێک دوای پێکهێنانی حکومەت و راگەیاندنی کارنامە "جوانەکەی"، "زۆر بێشەرمانە" وە لە ناو حەرەمی پەرلەمان، بە ئامادەبوونی سەرۆکی پەرلەمان و ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران، لەوانەش سەرۆکی ئەو کاتەی فراکسیۆنی گۆڕان، **پەنجەی هەڕەشەی لە پەرلەمان راوەشاند**. . . لە راستیدا بەرهەمی سێ وشەکەی نێچیرڤان (قابیلی قەبوول نییە) لەم پەنجە راوەشاندنەدا، کە هەڕەشەیەکی بێ پەنا و پێچ بوو لە پەرلەمان، سەرەتا و پاشخانی هەرە گرنگی کودەتاکەی ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ بوو! واتە، لە راستیدا کودەتاکەی ١٢ی ئۆکتۆبەر تەرجەمەی بە کرداری ئەو پەنجە راوەشاندنەی نێچیرڤان بووە. . .؛

**حەوتەم: رەدع**[٦]. . . لە سیاسەتدا قسەی جوان پێوەر نین وە بە قسەی جوان و "نیەتی پاک" هاوسەنگی هێز ناگۆڕێت. لە راستیدا باشترین و سەرکەوتووترین رێکەوتنی ئاشتی، یا هەر رێکەوتنێکی سیاسی، لەسەر بنچینەی هاوتاکردن لە ناهاوسەنگی هێزدا فەراهەم دەبێت، نەک شاردنەوەی ئەو ناهاوسەنگییە بە هەندێ قسەی جوان و فرت و فێڵ، بەبێ ئەوەی هۆکارەکانی ئەو ناهاوسەنگییە بە شێوەی بنچینەیی چارەسەرکرابن!

ئەمە و پەیوەندیدار بە خاڵی شەشەم (سەرەوە)، دەمەوێ بڵێم کە ئەوەی تا ئێستا، تا ئەو جێگایەی من ئاگادار بم، لەو قسەو باسانەی دەربارەی بژاردەکانی گۆڕان وە بە تایبەتی بابەتی بەشداری لە حکومەتی داهاتوو کراون، باسی مەسەلەیەکی هەرە بنچینەیی نەکراوە، ئەویش ئەوەیە کە پارتی خاوەنی لیستێکی دوور و درێژە لە رەگەزەکانی "رەدع"، هەر لە پێشمەرگە، ئاسایش، پاراستن، دامودەزگاکان، دروایێکی بێ ژومار، کۆنترۆڵی جومگە هەرە گرنگەکانی ئابووری، بە تایبەتی نەوت، و. . . هتد. بە واتایەکی دیکە پارتی جگە لە ٤٥ کورسی پەرلەمانی خاوەنی ئەم هەموو رەگەزانە (یا فاکتەرانە)ی رەدعە. بەم واتایەش هەر کاتێک پارتی شتەکانی بە دڵ نەبوو بە ئاسانی، بەبێ گوێدانە

یاسا و ڕێساکان، ئەم ڕەگەزانە بەکار دەبات و کارنامەکانیش دەخاتە ناو "تەنەکەی زبڵەوە". . . لە بەرامبەردا، پرسیاری زۆر گرنگ ئەوەیە ئایا گۆڕان جگە لە ١٢ کورسی و پشتگیری جەماوەر (لە باشترین حاڵەتدا بە قەدەر ئەم ١٢ کورسییە، نەک نیو ملیۆن دەنگەکەی پێشوو)، بەرامبەر بە پارتی خاوەنی چ ڕەگەزێکی ڕەدعە؟ لەبەر ئەوە یەکجار گرنگە گۆڕان بە ڕادەی ئەوەی بیر لە کارنامە و پرۆژەی "جوان" بۆ پێکهێنانی حکومەت دەکاتەوە، پێویستە، **تەنانەت زیاتریش**، لە خەمی مەسەلەی (ڕەدع)دا بێت و حسێبی تایبەتی بۆ بکات.

هەر نەبێ سێ دانە ڕەگەزی ڕەدع هەن، **ئەگەر چی ڕەگەزی زۆر بەهێزیش نین**، کە گۆڕان دەتوانێ دەستیان بۆ ببات وە هەر لە سەرەتاوە پارتی لە ئەگەری بەکاربردنی ئەم ڕەدعانە ئاگادار بکاتەوە کە گۆران بە مافی خۆی دەزانێ لە کاتی پێویستدا دەستیان بۆ ببات و بەکاریان بهێنێ: ١) لە ناو کارنامەی حکومەت بە وردی و بە ڕوونی خشتەی زەمەنی بۆ هەر چاکسازییێک و هەر پلان و پرۆژەیەک دابنرێ وە **لە کاتی بەزاندی هەر بەشێک لەم خشتە زەمەنییە**، بە تایبەتی لە سەرەتادا، ئەو بەزاندنە دەبێتە هۆی کۆتایی پابەندبوونی گۆڕان بە حکومەتەوە و بەم پێیەش **حکومەت هەڵدەوەشێتەوە**. . . لەم حاڵەتەشدا پارتی بەرپرسە لە دەرەنجامەکان؛ ٢) گۆڕان دەستی واڵا بێ لە بڕیاری مانەوە یا کشانەوە لە حکومەت، هەڵبەتە لەسەر بنچینەی هەندێ هۆکاری کشانەوە کە سەلماندنی گرنگی و ڕاستییان حاشاهەڵنەگر بێت، هەڵبەتە دیسان ئەم دەست لە حکومەت کێشانەوەیە ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی حکومەت؛ ٣) گۆڕان مافی ئەوەی هەبێت کە، هەر کاتێک وە لە هەر جێگایەک، بە موناسیبی زانی پشتگیری لە چالاکییەکانی شەقام و ناڕەزایەتیەکانی خەڵک بکات، تەنانەت ڕاشکاوانە پێشەنگایەتی جوڵەی شەقامیش بکات.

بە واتایەکی دیکە، ناڵێم گۆڕان بە ١٢ کورسی پەرلەمانی هیچی پێ ناکرێ، بەڵام ئەگەرێکی زۆر بەهێز ئەوەیە کە بزاڤی گۆڕان بەبێ ڕەدع لە ناو حکومەتدا دەبێ بە بارمتە و ئەسیری دەستی پارتی و دەکەوێتە ژێر "ڕەحمەتی" هەڵویست و خواستەکانی ئەم حزبە.

بە کورتی و بە چڕی، پارتی کە خاوەن ٤٥ کورسیە و بەم هەموو ڕەگەزەی ڕەدعەوە، لە بەرامبەریشدا هێزێکی سیاسی بە ١٢ کورسییەوە و بەبێ هیچ ڕەگەزێکی

رەدع، ئەوپەڕی ناهاوسەنگی سیاسییە و حاڵەتەکەش مینێکی گەورە دەبێ لە ژێر پای گۆڕان و حکومەتی داهاتوودا. . .

## بزاڤی گۆڕان لەنێوان کەوتن و هەڵسانەوە

سەرەتا، هەر هەڵسەنگاندنێک بۆ ئەو بارودۆخەی کە ئێستا بزاڤی گۆڕانی تیا گوزەر دەکات نابێ پێ لە ٩/٣٠ (هەڵبژاردنەکانی کوردستان) یا ٥/١٢ (هەڵبژاردنەکانی عێراق) هەڵگرێ. ئەم هەڵسەنگاندنە دەبێ ئەوەندە بچێتە دواوە تا دەگاتە سەرەتاکانی دروستبوونی ئەم بزاڤە، هەر نەبێ لە سێ ئاستدا: ١) جیهانبینی بزاڤەکە؛ ٢) کەرەسەی کۆمەڵایەتی بزاڤەکە؛ ٣) کورتهێنان لە بوارێکی زۆر گرنگدا ئەویش نەبوونی (هەڵبەتە هەر لە سەرەتاوە) ژوورێک (پەیمانگایەک)ی تایبەت بە پەروەردەی فیکریی لە ناو بزاڤەکەدا؛ واتە پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی کەرەسە کۆمەڵایەتییەکەی بزاڤەکە لە سەر بنچینەی بیرێکی "موتەکامیل"، کە یەکێک لە رەگەزە هەرە گرنگەکانیشی بیرۆکەی "گۆڕان وەک پرۆژەی نوێبوونەوەی کوردایەتی و گوتارە سیاسییەکەشی وەک پەرەسترۆکای کوردستانی مەزن و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیش وەکماڵی هەمووان نەک ماڵی بنەماڵەیەک و تاکە سەرۆک و سەرکردەیەک بێت". . .

لەم چەند خاڵەدا بارودۆخی گۆڕان دەخەمە روو وە شتێکیش دەڵێم لەمەڕ چارەسەری کێشەکانی ئەم بزاڤە:

١) تا دێت بزاڤی گۆڕان بچوک دەبێتەوە، وە یەکێک لە هۆکارە (یا تۆ بڵێ دەرەنجامێکی) هەرە گرنی ئەم بچوکبوونەوەیە مەترسیدارە لۆکاڵیبوونیەتی. . . گۆڕان چی دیکە ناتوانێ لە سلێمانییەوە بڵێ "هەولێر هی هەمووانە، نەک هی تاکە حزبێک". . . وەک بازنەیەکیش لەو هەنگاوانەی کە گۆڕان لە رێگەیەوە دەتوانێ هەڵسێتەوە ئەوەیە کە مەکۆی سەرەکی گۆڕان بباتە هەولێر، ئەوجا لە هەولێرەوە بڵێ "هەولێر هی هەموانە"! هاتنە خوارەوە لە گردەکە و گواستنەوەی بنکەی سەرەکی گۆڕان بۆ هەولێر جگە لەوەی کە باوەڕ بە خۆبوون دەبەخشێتە لایەنگرانی ئەم بزاڤە لە پارێزگای هەولێر دەڤەری بادینان، دەبێتە هۆی بەخشینی متمانەیەکی زۆریش بە بزاڤی گۆڕان لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە، بە تایبەتی جەماوەری دەڤەری بادینان و پارێزگای هەولێر. . گۆڕان دەکرێ بەم

"دەرچوون و هاتنەخوارەوەیە" خۆی لە "گرێی ململانێی" یەکێتی و هەندێک "کۆت و بەند" و. . . هتد، رزگار بکات؛

٢) چاوخشاندنەوەیەکی قوڵ و سەرتانسەری بە شێوازی رێکخستن و مەسەلەی ئاراستەکردنی فیکری کەرەسەی کۆمەڵایەتی بزاڤی گۆڕان: هەر وەک وترا، هەر لە سەرەتاوە گۆڕان پێویستی بە دامەزراندنی ژوورێک **(پەیمانگەیەک)ی بیر** هەبوو، کە تیایدا هەڵسوڕاو و چالاکوانانی بزاڤەکە، بە تایبەتی نەوە نوێکەی، لەسەر بنچینە فکرییەکانی بزاڤەکە پەروەردە و ئامادە بکرێن. . . نابێ و ناکرێ ئەم بوارە هەرە گرنگ و هەستیارە "**بدرێتە دەست قەدەر**"، کە کەم یا زۆر ئەمە تا ئێستا حاڵەتەکە بووە. . . تۆ خاوەنی میدیایەکی چەندە چالاک و کارامەش بیت، ئەم میدیایە جێگای ژوورێک یا پەیمانگەیەکی لەو جۆرە ناگرێتەوە؛

٣) پێویستە سەرکردایەتی گۆڕان بوێرانە تر بە ئیرادەتر رەخنە لە خۆیان بگرن وە کراوە بن بەرامبەر بە چاکسازی ریشەیی لە ناو بزاڤی گۆڕاندا. . . نە پاشەکشەی گۆڕان لە ٥/١٢ وە نەش لە ٩/٣٠ تەنها و تەنها بەند بوون بە دزی و گزی لە هەڵبژاردندا. . . هەڵواسینی شکستیش لە هەردوو حاڵەتدا بە فرت و فێڵ لە هەردوو هەڵبژاردنەکاندا هەڵەیەکی گەورەیە/بوو؛

٤) زۆر گرنگە بزاڤی گۆڕان مەسەلەی چاکسازی لە خۆیدا لە لایەک وە هەڵوێستە لە دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت (بە بەشداریکردن یا پێچەوانەکەی) لە لایەکی دیکەوە بە یەکەوە ببەستێتەوە: هەر یەکێکیان کاریگەری لەسەر ئەوەی تریان دەبێ و هەیە، جا بە باش یا بە خەراب. بە واتایەکی دیکە لەیەکتر جیاکردنەوەیان هەڵەیە و تەنانەت کاریسەشە!

٥) بۆ ئەوەی بزاڤی گۆڕان دواڕۆژی هەبێت نابێت دەرفەت بدرێ کە ئەم بزاڤە پاشەکشێ بکاو ببیتە "حزبێکی کلاسیکی"، بەڵکو وەک هێزێکی سیاسی **جیاواز** (بە زۆرێک لە جیهانبینی، پرەنسیپ و ئاکارەکانی) بمێنێتەوە.

## هەندێ پرسی دیکە و دەرەنجام

هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨/٩/٣٠ جارێکی دیکە نەخشەی سیاسی و هاوسەنگی هێزی لە باشووری کوردستان گۆری. تا ئێستا هەڵبژاردنەکان، لە (١٩٩٢)ەوە سێ قۆناغی بڕیوە،

یەکەمیان ٥٠ بە ٥٠ و دووەمیان تێکشکانی ئەم بنەمایە و دەرکەوتنی سێگۆشەی هێز (پارتی، یەکێتی و گۆڕان)، بەڵام لە سێیەمیاندا، کە دەرهاویێشتەی هەڵبژاردنەکانی ٩/٣٠ بوو، بە شێوەیەکی بەرچاو و نیگەرانئامێز پارتی هەڵکشاو گۆڕان زۆر چووە دواوە و یەکێتیش چووە پێگەیەکەوە کە **چیتر بە تەنیا ناتوانێ هاوتای پارتی بێت**.

لە لایەکی دیکەوە، دەرهاوێشتەی ئەو "**دەستشکانەوەیەی**" کە لە نێوان پارتی و یەکێتی لە بەغدا لە پرسی سەرۆک کۆماریدا روویدا بە شێوەیەکی بەرچاو هاوسەنگی هێزی لە نێوان یەکێتی و پارتی گۆڕی، بە شێوەیەک کە یەکێتی لە بەغدا وا دەرکەوت کە وەک ئەوەی خۆی **هێزی یەکەم بێت** و **پارتیش هێزی دووەم**! بە واتایەکی دیکە، ئەم رووداوە جارێکی تر پارتی، وە بە بەرچاوی هەموو هێزە عیراقی و ئیقلیمی و جیهانییەکانەوە، کرد بە **کەمایەتی**، یا راستتر بڵێین **پاڵیدایە پێگەی کەمایەتی** و بووە هۆی "عەیبەیەکی" گەورەش بۆ خودی مەسعود بارزانی: چونکە فوئاد حوسێن بە رادەی یەکەم کاندیدی بارزانی بوو بەر لەوەی کاندیدی پارتی بێت. ئەگەر فوئاد حوسێن تەنها کاندیدی پارتی بوایە کاریگەرییەکانی لەسەر کەسی یەکەمی پارتی (مەسعود بارزانی) وە حزبەکە بە گشتی بەم رادەیە نەدەبوون. بە دیدی پارتی، ئەم حاڵەتەی بە کەمایەتیبوونە هەرگیز لە رووی سیاسییەوە **نە هەرس دەکرێ وە نەش قەبووڵکراوە بۆ پارتی**. کرۆکی کێشەکە لەوەدایە کە **دەستشکانەوەکەی بەغدا** یەکێتی نیشتمانی بردە پێگەیەکەوە کە بۆ پارتی قەبووڵکراو نیە، وە بۆ راستکردنەوەی وێنە شێواوەکەی هێز و پێگەی پارتیش، ئەو حیزبە پێویستی بە **شۆکێک** هەیە کە لە بەرامبەر یەکێتی بەکاری ببات، لە جۆری ئەو شۆکەی کە پارتی لە ١٢ی ئۆکتۆبەر، بۆ راستکردنەوەی وێنەی خۆی لای ئەندام و لایەنگرانی و وە لە چاوی هێزەکانی دەرەوەی پارتیدا، لە گۆڕانی دا.[٧]

هەڵبەتە دەرهاوێشتەیەکی هەرە گرنگی ئەو دەستشکانەوەیەی نێوان پارتی و یەکێتی لە بەغدا ئەوە بوو کە جارێکی تر متمانە لە نێوان ئەم دوو هێزە (واتە یەکێتی و پارتی) **سفر بوویەوە** و ئەمەش بووەتە هۆیەکی زۆر گرنگ بۆ ئاڵۆزبوونی پێکهێنانی حکومەتی نوێ، بە شێوەیەک کە، ئەگەر هێزەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی یارمەتیدەری پارتی نەبن لە پێکهێنانی حکومەت، دەکرێ درەستبوونی حکومەت نەک هەر دوا بکەوێ بەڵکو ئەسڵەن ئەستەمیش بێت.

له بەرامبەردا هێزەکانی دەرەوەی یەکێتی دەرفەتی ئەوەیان هەیە کە قەبووڵ نەکەن ببن بە ئامرازی چارەسەرکردنی کێشەکانی یەکێتی یا کێشەکانی پارتی. جگە لەمەش، دەکرێ ئەم حاڵەتە ببێ بە هۆکار و فاکتەرێک بۆ **بەهێزبوونی پێگەو بڕیاری هێزەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی**، وە بە تایبەتی لە پرسی پێکهێنانی حکومەتدا. لە مەسەلەی هۆکار و فاکتەری کاتیش، لەوە دەچێ کە پارتی، بە پێچەوانەی جارانی پێشوو، لە هەموو لایەک بە پەلەترە بۆ پێکهێنانی حکومەت. . .

بەرەوڕووبوونەوەی ئەم حاڵەتە ئەوە دەخوازێ کە هێزەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بکەن، بە واتای ئەوەی دیالۆگی نێوان ئەم هێزانە لەمەڕ پێکهێنانی حکومەت یەکجار گرنگە. بۆ ئەمەش گرنگە نەوەی نوێ وەک هێزێکی نوێی سەر مەیدانی سیاسی باشووری کوردستان مێتودی کاری سیاسی خۆی بگۆڕێ، بە تایبەتی لە بارەی شێوازی موخاتەبەکردنی هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی (لە موزایەدەوە بیباتە ئاستی دیالۆگی داهێنەر و بەرهەمهێنەر)، وە لە بەرامبەریشدا پێویست دەکات ئەم هێزانەش بە ڕێزێکی زیاتر و شایستەییەوە مامەڵە لەگەڵ نەوەی نوێدا بکەن. لەگەڵ بوونی تێبینیش لەسەر شێواز و مێتودی کارکردنی نەوەی نوێ، ئەم هێزە نوێیە خاوەنی جەماوەرێکی دڵسۆز و بوێرە و پێویستە لەسەر ئەم هێزانە ڕێز لەم جەماوەرە دڵسۆزە بگرن. ئەم گۆڕانکارییە لە هەردوو دیوی هاوکێشەدا دەکرێ کاری هاوبەش لە نێوان نەوەی نوێ لە لایەک وە گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوی ئیسلامی ئاسانتر بکات!

دەرەنجام، پێویستە نەوەی نوێ بە شێوازێکی نوێ بکەوێتە سەر نەخشەی سیاسی، ئەمەش پێویستی بە دوانەیەک لە دەستپێشخەری هەیە: یەکێکیان لە لایەن خودی نەوەی نوێوە، ئەوەی تریشیان لە لایەن هێزەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتییەوە.

دەمێکە دوانەی هەڵوێستە لە دەسەڵاتی سیاسی لە لایەک وە چاکسازی ناوخۆیی بوەتە ڕاستییێکی حاشاهەڵنەگر بۆ بزووتنەوەی گۆڕان. پەیوەندییەکە لە نێوان ئەم دوو بەشەی دوانەکەدا ئۆرگانیکییە؛ بە واتایەکی دیکە جیاکاری لە نێوانیاندا بە زیانی گۆڕان خۆی تەواو دەبێ. هەر بۆ نموونە بێزاری و دوورکەوتنەوەی بەشێک لە دەنگدەرانی گۆڕان لە دەنگدانی هەڵبژاردنەکانی ٥/١٢ و ٩/٣٠ دەربڕی دوو **شت بوو نەک تەنها یەک**: یەکێکیان مەسەلەی چاکسازی ناوخۆیی بزاڤەکە و ئەوەی تریشیان ئەدای سیاسی ئەم

بزووتنەوەیەیە ڕوو لە پرسی دەسەڵاتی سیاسی و مەسەلە نەتەوەییەکان، گرنگترینیشیان پرسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی!

---

بۆ خوێندنەوەی ئەم وتارە بە شێوازی پی دی ئێف، تکایە ئەم پەیوەندییە ببینە:
http://burhanyassin.com/Dwacar%20helbijardin%20kira%2012.2018.pdf

---

* ناوەرۆکی چڕکراوەی ئەم وتارە لە سەرەتادا کرۆکی نامەیەکی تایبەت بوو کە بە مەبەستێکی دیاریکراو نووسراوە.

(١) بورهان أ. یاسین، "هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و دووڕیانێکی چارەنووسساز تونێلێکی تاریکتر یا تروسکاییکی هیوابەخش، ٢٠١٨/٩/١٨"
http://burhanyassin.com/Helbijardini%20Perleman%2030.9.2018.pdf

(٢) دوایین نموونە لە بارمتەگرتنی قەزیەی کورد و چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار شێوازی هەڵسوکەوتی پارتی و مەسعود بارزانی بوو لە تەک مەسەلەی ڕیفراندۆم و سەربەخۆی کە لە ئاکامدا بە کاریسەیەکی مێژوویی لێ کەوتەوە. . .

(٣) چەمکی شۆک تێراپی لە بواری سیاسەت و ئابووری، بە تایبەتی لەوەی دواییاندا، زۆر بەکار دەبرێ. دەکرێ شۆک تێراپی بە لێدانی تەزووی کارەبا لە ناساغ، لە بواری چارەسەری دەروونیدا، بکرێ.

(٤) هەر لەم پەیوەستەدا، بە پێی هەواڵێک کە هەر دوێنێ ٢٠١٨/١٢/٢٧ بڵاوکرایەوە، بەڵام لە لایەن پارتییەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە، فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە پۆستەکەی دوور خراوەتەوە.
http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=67624&Jor=1

(٥) بەر لە نۆ ساڵ لە بابەتێکمدا باسی سیناریۆ و ئەگەری ئەوە دەکەم کە ئایا چی ڕوو دەدات ئەگەر نێچیرڤان بارزانی پێگەی سەرۆک وەزیران لە دەست بدات. لەو بابەتەدا ڕێک ئەوها دەنووسم: "*مەسەلەیەک کە کەمتر قسەی لەسەر کراوە، کەچی گرنگیەکی تایبەتی وەردەگرێ، داهاتووی سیاسی نێچیرڤان بارزانیە، کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بووە بە خاوەن پێگەیەکی بەهێز لە ناو دەسەڵاتدا. پرسی هەرە گرنگ دەربارەی دوارۆژی نێچیرڤان ئەوەیە ئایا چ ڕۆڵێکی پێدەدرێ یا ئەو خۆی چ ڕۆڵێک بۆ خۆی موناسیب دەبینێ. ئەم پرسیارە گرنگیەکی تایبەتی وەردەگرێ کاتێک دەزانین جێگەی ئەو کەسایەتییە لەسەر کەم کورسی (حزبی و ئیداری) دەبێتەوە، ئەوە ئەگەر جێگەی لەسەر کورسیەکی تر جگە لە هی سەرۆک وەزیرانی کوردستان ببێتە. بە مانایەکی تر زۆر کەم کورسی هەن، ئەوە ئەگەر ئەسڵەن هەبن، کە جێگەی نێچیرڤان بارزانی لەسەر ببێتەوە. بەو مانایەش داتاشینی کورسیەک بۆی، وەک بۆ نموونە کورسی سەرۆکایەتی پارتی، ئاسان نیە. بە بۆچوونی خۆم داتاشینێکی لەم جۆرە نە بۆ پارتی ئاسانە وە نە بۆ مەسعود بارزانی وە نە ئەو کارەش ئاسانە لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتیدا. لە لایەکی ترەوە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران لە نێچیرڤان کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندیەکانی __سێکوچکەی__ دەسەڵاتی ناو خودی پارتی (مەسعود بارزانی، مەسرور بارزانی و نێچیرڤان بارزانی)*". بڕوانە بورهان أ. یاسین، "باشووری کوردستان دوای 2009/7/25: ئەرزهەژی سیاسی و ئەگەرەکان بەڕووی داهاتوودا". لە ٢٠٠٩/١٠/١٥ لە پێگەی تاکەکەسی (بورهان یاسین)دا بڵاوبۆتەوە:
http://burhanyassin.com/Helbijardinekan-dr.%20Burhan%20Yassin.pdf
لاپەڕە ١٤-١٥. ئەم بابەتە بۆ جاری دووەم لە کتێبی (*لە قوڵایی سیاسەتدا*)ی نووسەر (لاپەڕە ١٥٥-٢٠٣) بڵاوبۆتەوە.

(٦) وشەیەکی پڕ بە پێستم بۆ چەمکی (ردع)ی عەرەبی (واتە deterrence) نەدۆزیەوە، لەبەر ئەوەش دوای بە کورداندن، وشەی (رەدع)م بەکار هێنا.

(٧) یەکێک لەو شۆکانە، یا تۆ بڵێ شۆک بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە یەکێتی، کە پارتی، بە پێی هەندێک هەواڵ، بیری لێکردۆتەوە **زۆرهێنان بێت** بۆ ئەوەی بەرهەم ساڵح دەست لەکار بکێشێتەوە!